ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

13

10 ی حوزەیران/ جون 2021

# با پێکەوە بە دژی لەشکرکێشی و داگیرکاری تورکیا بوەستینەوە!



جەمال موحسین

دوای ڕووداوەکەی چیای مەتین و کوژرانی ٥ پێشمەرگە و برینداربوونی چەند کەسێکی تر، وتە و لێدوانی جیاجیا لەلایەن سەرانی پارتی و حکومەتی هەرێم و سەرۆک کۆماری عێراق و هەتا گەورەبەرپرسانی سوپای عێراقەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە درا. هەموان ڕووداوەکەیان لە بوون و لاساریی هێزەکانی پەکەکە لەو چیا و ناوچەیەدا قەتیس کردەوە. هەتا خودی لێدوانەکانی سەرانی پەکەکە کە گوایە ئەمە

بۆ لاپەڕە 3

# مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێم!



موحسن کەریم

ماوەیەکە لەلایەن بەشێک لە سیاسەتمەداران و نوسەرانی بۆرژوازی کوردەوە باسی مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێم دەکرێت. بێگومان ئەوان ئەم دەسەڵات و حکومەتەی هەرێم کە ٣٠ ساڵە بێجگە لە هەژاری و برسێتی و بێمافی، بێجگە لە تەنگەبەرکردنەوەی ئازادیەکان و کوشتنی نەیارانی سیاسی و خۆپیشاندەران و خەڵکی ناڕازی بە ستەمی دەسەڵاتەکەیان، بێجگە لە بەرپاکردنی شەڕی ناوخۆ و تاڵانکردنی داهاتی کوردستان و دەوڵەمەندکردنی کۆمەڵێک بەرپرس و خاوەن کۆمپانیای نزیک لە خۆیان، هیچ خێرێکیان بۆ خەڵکی کوردستان نەبووە، بە دەسکەوتی مێژوویی خەڵکی کوردستان دادەنێن! ئێستا کە بەهۆی ڕووداوە سیاسیە تازەکانی ناوچەکەو عێراقەوە پێگەی خۆیان لەق بووەو مەترسی لەسەر دەسەڵاتەکەیان دروست بووە، دەیانەوێ ئەو مەترسیە بە مەترسی لەسەر ژیان و ئایندەی خەڵک هەژمار و ناوزەد بکەن. وەکو ئەوەی خەڵک لە سایەی دەسەڵاتی ئەواندا لە خۆشیەکانی ژیان بەهرەمەند بوبێت و لەهیچ شتێکی کەم نەبووبێت و ئێستا بە تەنگەبەربونەوەی دامێنی دەسەڵاتیان خەڵک ئەو دەسکەوت و خۆشیانەی لەدەست بچێت!

ئەوەی ڕاستیە ئەوەیە کە هیچ کات دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو حزبەکانی یەکسان نەبووە بە دەسەڵاتی خەڵکی کوردستان و ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیەکانی ئەو خەڵکە. ڕاستە لەسەر بنەمای وەهمێکی سیاسی کە

بۆ لاپەڕە 2

# تەمەنێکی کورت، بەڵام پڕ دەستکەوت!

## لە یادی هاوڕێ مەنسور حکمەتدا

مەنسور حیکمەت، شۆڕشگێڕێکی مارکسیست، خەباتکارێکی پەیگیری کۆمۆنیست، بیرمەند ورابەرێکی سیاسی، دامەزرێنەری حزبی کۆمۆنیستی ئێران، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و دەخالەتگەر لەسەرهەڵدانی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەعێراق وکوردستان، .. ئەو بەیەکێک لە کەسایەتیە ناسراو و بەرجەستەکانی جوڵانەوەی کۆمۆنیستی و مارکسیزمی سەردەم دەناسرێت.

ناوبانگی ئەو زیاتر لە ٢٥ ساڵ لەخەباتی کۆمۆنستی دەخاتە بەردەست کەلەسەرەتاوە شۆڕش و سیاسەت لەئێراندا دەکاتە شانۆی

بۆ لاپەڕە 4




# سەبارەت بەهەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق

## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە

بۆ لاپەڕە 7

## درێژەی.. مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێم!

بەشێکی بەرچاوی خەڵکی کوردستان لە سەردەمی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، بەو حزبانە هەیان بوو، ئەوان توانیان وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان، دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، بەدیاری لە ئەمریکاو ڕۆژوا وەرگرن، بەڵام هەرزوو بۆ جەماوەر ئاشکرا بوو کە ئەوان نوێنەرێکی ساختەو ناشەرعیان بوون بۆیە زۆری نەخایاند نارەزایەتی جەماوەری بەرامبەر بە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان وحکومەتەکەیان سەری هەڵدا و چەندین قۆناغی جۆراوجۆری تێپەڕاند، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی خەڵک خوازیاری کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی و بۆرژوازی کورد بن. ئەم خواستەو ئەو حوکمەی خەڵک کە لەچەندین بۆنەو فرسەتدا ڕایگەیاندوە، دەرخەری ئەوەیە کە بەرژەوەندی خەڵک و حکومەتی هەرێم یەک شت نین، بەڵکو جیاوازو ناکۆکن! بۆیە مەترسی لەسەر ئەو دەسەڵاتە بەشێوەیەکی سادە ناکاتە مەترسی لەسەر خەڵکی کوردستان.

گومان لەوەدا نیە کە دەسەڵاتی حزبەکانی بۆرژوازی کورد لە عێراقدا بەرهەمی سیاسەتی ئیمپریالیستی و دەخالەتگەری سەربازی و سیاسی ئەمریکاو ووڵاتانی ئەوروپا بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە لەڕێگای جەنگ دژی ڕژێمی سەدام حسین دەچوەپێشەوە. ئەم دەسەڵاتە بەرهەمی خزمەتکاری حزبەکانی کوردایەتی بوو بۆ سیاسەتی جەنگخوازی بۆرژوازی ئەمریکاو ئەوروپا کە ماوەی سی دەیەی خایاندوە. بەڵام ئێستا ئیتر بارودۆخەکە گۆڕاوە. ئێستا بۆ ئەمریکاو بۆرژوازی ڕۆژاوا، ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی ئەو پێگەیەی جارانیان نەماوە، بۆیە مانەوەی دەسەڵاتی ئەم حزبانەی کوردایەتیش لەبەردەم مەترسی و یاخود گۆڕانکاری جدیدایە. ئێستا چ ئەمریکاو چ ووڵاتانی ڕۆژوا، بەتایبەتی دوای ئالوگۆرە سیاسیەکانی ناوچەکەو جۆرێک نزیکبونەوەی نێوان ووڵاتانی کەنداو و سعودیەو چەند ووڵاتی عەرەبی دیکە لەگەڵ ئیسرائیل و دروستبوونی جۆرە بلۆکێکی ناوچەیی دژ بەئێران، لەناو خێزانی بۆرژوازی عەرەبیدا بۆ هاوپەیمانی دڵخوازی خۆیان دەگەڕێن بەمەبەستی پاشەکشەکردن بە دەورو نفوزی ئێران لە عێراق و پتەوکردنی جێ پێی خۆیان لە عێراق و بگرە ناوچەکەشدا.

ئالوگۆرە سیاسیەکانی دوای خرۆشانەکانی ئۆکتۆبەری دوو ساڵ لەمەوبەری شارەکانی عێراق پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئیسلامی سیاسی سەر بە ئێرانی لاواز کردوە. ئەمەش زەمینەی لەبارتر کردوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەیان، بەتایبەتی کە جۆرێک لە بوژانەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی و عێراقی لە هەناوی ئەو بزوتنەوەیەدا دەبینرێ و ئەمەش ڕێگای کردوە بۆ هاتنی کەسێکی وەکو مستەفا کازمی کە بە لایەنگری ئەمریکا یاخود بەبەشێک لە پرۆژەی ئەمریکا لە عێراق ناوزەد دەکرێت.

بەمجۆرە بەهێزکردنی پێگەی عێراق و کێشکردنەوەی بۆناو میحوەری ناسیونالیزمی عەرەبی و دەوڵەتە عەرەبیەکانی دۆستی ئەمریکاو بەستنەوەی بەو بلۆکەی دژی ئێرانەوە، یەکێکە لە سیاسەتە بنەڕەتیەکانی ئەم دەورەیەی ئەمریکاو ووڵاتانی ئەوروپی لە ناوچەکەو عێراقدا. ئێستا ئیتر حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و بۆرژوازی کورد دەبێ خۆیان لەچوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا بگونجێنن، کە بەستنەوەیە بە عێراق و بەدەسەڵاتی ناوەندی عێراقەوە. ئەمەش مانای وایە کە بەشێک لەو دەسکەوتانەی لە هەلومەرجی شەڕی دوەمی کەنداو لە ساڵی ٢٠٠٣ دا و لە هاوسەنگیەکی جیاوازدا بەدەستیان هێنابوو، جۆرێک لە سەربەخۆیی سیاسی و ئابوریان هەبوو، کە زۆر حسابیان بۆ دەوڵەتی ناوەندی نەدەکرد، ئێستا لەدەستی بدەن و بە دەسکەوتی کەمتر و بە بەشی کەمتر ڕازی بن و بگەڕێنەوە ژێر باڵی دەسەڵاتی بۆرژوازی عەرەب و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی.

★

# ئەم سیستەم و حکومەتە دەبێ بڕۆن..
# ئیتر نۆرەی دەسەڵاتدارێتی جەماوەریە!

**نەخشەڕێگای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەرامبەر بە بنبەستی حکومەت و دۆخی ئێستای کوردستان**

دەقی ئەم بەڵگەنامەیە لەسایتی حزبدا لەم ئەدرەسەوە بخوێننەوە: www.hkkurdistan.org

# درێژەی .. با پێکەوە لەدژی لەشکرکێشی وداگیرکاری تورکیا بوەستینەوە!

تەنها شەڕێکە لە دژی ئەوان و تورکیا بە هاوبەشی پارتی لە دژیان بەرپای ئەکات، خۆیان لە ئەسڵی مەسەلەکە نادەن. ئایا بەڕاستی ئەم هەنگاوەی تورکیا پەیوەندی بە بوونی پەکەکە و ئاژاوەنانەوە بۆ تورکیا لەو ناوچانەوە هەیە؟ ئایا مەسەلەی سەرەکی تورکیا نەهێشتنی پەکەکە و یاخود وەک ئەڵێن پاککردنەوەی ئەو ناوچانەیە لە هێزەکانی حزبی ناوبراو؟

لە هەلومەرجێکی ناوچەیی و جیهانیدا کە دەوڵەتە زلهێز و هەرێمیەکان بە شوێن فراوانکردنەوەی ناوچەی قەڵەمڕەوی خۆیانەوەن، تورکیاش لەم ئامانجە بە دوور نییە. ئەو سیاسەتی فراوانکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی لەڕێی لەشکرکێشی ڕاستەوخۆ و داگیرکاری و دەخاڵەت لە بەشێک لە وڵات و ململانێکانی ناوچەکە لەو پێناوەدا ئەباتە پێشەوە. دەخاڵەت و ناردنی هێز بۆ سوریا لە ساڵانی پێشوودا، دانانی ناوچەی سەوزی ئەمنی لە کوردستانی سوریاوە بەرەو کوردستانی عێراق، دەخاڵەت لە لیبیا و ناردنی هێز بۆ ئەوێ و هەتا دەخاڵەت لە یەمەندا، ناردنی سوپای بەکرێگیراو بۆ ناگۆرنۆ کەرەباخ و لەژێرناوی پشتیوانی لە ''ئازەربایجانی برا''، دەخاڵەت لە فەڵەستین و غەززەدا.... هتد بەشێک بوون لە زەمانەتکردنی ناوچەی نفوزی تورکیا. هاوکاتیش بۆ کێبڕکێی سیاسی و ئابوری و هەژموونیی دەسەڵات لەگەڵ وڵاتێکی وەک ئێران لە ناوچەکەدا و لە بەشێک لەو وڵاتانەی کە ناوهێنران گرتویەتەیە بەر. ڕۆشنە کە هەر شەڕ و ئاشوبنانەوەیەک و هەر جموجوڵێکی سەربازی پاساوی خۆی هەیە. کەوایە ئەبێ مەسەلەی لەشکرکێشی و هاتنە ناو قوڵایی کوردستانەوە و خودی ئەو ڕووداوانەی دوایی و بۆمبارانکردنی ناوچەکان لەم چوارچێوەیەدا ببینرێ.

ڕاستە کە لە دوای ساڵی ١٩٩١ ەوە و لە ڕێی پارتیەوە کە هەر لەو کاتەوە ڕاستەوخۆ خۆی بە سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا و تورکیاوە بەستەوە، لەبەرامبەر زۆنی سەوزدا کە خۆی بە ئێرانەوە بەستەوە، تورکیا دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی هەبووە لە کوردستاندا. ڕاستە کە هەر لەو کاتەوە دەیان بنکەی سەربازی و جاسوسی و نهێنی لە کوردستاندا بووە و هەمیشە میتی تورکی تەراتێنی بووە، بەڵام تەنها ئەمە بەس نییە بۆ تورکیا کە ئەیەوێ جێ پێی خۆی قایمتر بکات و کوردستانیش ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژیە کە لێیەوە بتوانێ ڕۆڵی ئێران لە عێراقیشدا کەم بکاتەوە و جێ بە نفوزی ئەو لێژبکات. درێژبوونەوەی ناوچەی سەوزی ئارام لە عەفرینەوە بۆ شەنگال کە ئەمەی دووایان هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا نییە، بە هەنگاوێکی داگیرکارانەی لەم چەشنە مەیسەر ئەبێ کە ئێستا ناویەتی.

هەربۆیە ئەسڵی مەسەلەکە ئەو سیاسەتی پاوانخوازی و فراوانکردنەوەی نفوزی دەسەڵات و داگیرکاریەیە کە تورکیا گرتوویەتیە بەر. بەڵام وەک وتمان ئەبێ پاساوێک هەبێ، کە ئەویش بوونی پەکەکە و هێزەکانیەتی لەم ناوچەیەدا. پەکەکە ئەسڵی مەسەلەکە نیە چونکە هەموو کەس ئەزانێ کە سوپای تورکیا کە بەشێکە لە ناتۆ و یەکێکە لە سوپا بەهێز و پڕچەکەکان و هەتا لە ڕووی تەکنەلۆژیای سەربازیەوە زۆر لە پێشە، بە هێزی سەربازی پەکەکە، کە ئەسڵەن بەراورد ناکرێ، لە شکاندن نایەت. ئەمە جگە لەوەی کە پەکەکە بە ڕاستی زۆر دەمێکە و هەتا لە زاری ڕابەری ڕۆحیەکەیەوە ڕایگەیاندووە کە سەردەمی خەباتی سەربازی بەسەرچووە و نایەوێ لە دژی تورکیا درێژەی پێبدات. بەڵام بێگومان لە هەنگاوێکی سیاسی و سەربازی لەم چەشنەدا تورکیا پەکەکەش قەتیستر ئەکاتەوە و زیاتر لە ژێر گوشاری خۆیدا دایئەنێ تاکو ناچار بە کەمکردنەوەی چالاکیە سیاسیەکانیشی بکات لە ناوخۆی تورکیادا. هەتا هەنگاونانی دادگای باڵای تورکیا بۆ قەدەغەکردنی هەدەپە ئەکرێ لەم ڕاسیاتەدا بخوێندرێتەوە. لەلایەکی تریشەوە، هەر ئەم پاساوە ڕێی زیاتری بۆ خۆش ئەکات کە هێزێکی وەک پارتی بەکاربهێنێ و وەک بەشێک لەبردنە پێشەوەی ئەم ستراتیژەی سوودی لێ وەربگرێ. ئەمە لەکاتێکدا کە پارتی وەک وتمان هەر لە ٩١ ەوە ئەم خۆشخزمەتی و پێشلەشکریەی بۆ تورکیا کردووە.

جگە لەم خزمەتەی کە مێژوویەکە پارتی بە تورکیای ئەکات، خۆجووتکردنی لەگەڵ ئەم سیاسەت و ستراتیژیە و هەتا ئەم تاکتیکەی ئێستای تورکیادا پەیوەندی بە جێگەوڕێگەی ئەو و ئارایشی تازەی ئەحزابەکانەوە هەیە لە ئاستی عێراقدا. لەکاتێکدا کە حکومەتی عێراقی زۆر باس لە گەڕانەوەی بۆ سنورەکانی عێراق و باڵادەستی پەیداکردنەوە بەسەریاندا لە چوارچێوەی سەقامگیرکردنەوەی دەوڵەتێکی مەرکەزیدا ئەکات. پارتیش ئەیەوێ لەوە دانەبڕێ و بەشێک بێت لێی کە ڕێککەوتنی شەنگالیش بەشێکە لەوە.

کەواتە ڕاستە کە هۆکاری سەرەکی ئەم دۆخ و داگیرکاریە تورکیایە بەڵام پارتیش وەک بەشێک لەو سیاسەتە و وەک هۆکارێک بۆ پشێوی نانەوە و نائەمن و ئاسایشکردنی کوردستان و ژیانی خەڵکەکەی بەرپرسە.

ئەوەی کە پێویستە خەڵک چی بکات و چۆن بەرەوڕووی ئەمە ببێتەوە، مەسەلەیەکی گرنگە. پێش هەر شتێک خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازی کوردستان پێویستە ڕایبگەیەنن کە تورکیا لەژێر هەر بیانو و پاساوێکدا بێت بۆی نییە ئەم داگیرکاریە بکات و ئەبێ دەستبەجێ ئەو ناوچانە جێبهێڵێ. لە هەر شوێنێک ئیمکانی هەیە پێویستە خۆپیشاندان و

## درێژەی .. تەمەنێکی کورت، بەڵام پڕ دەستکەوت!

هەڵسورانی خۆی و پاشان وەک ڕەوتێکی ناوچەیی وجیهانی جێگادەگرێ. مەنسور حیکمەت لەپەیوەند بەشۆڕش وخەباتی چینایەتی کرێکارانی ئێرانەوە بەرەخنەگرتن لەتەواوی ڕەوتە چەپەکانی سەردەمی شۆڕشی ساڵی ٧٩ی ئێران کە دەسەلاتی شای سەرنگون کرد، گەڕایەوە بۆ مارکس و ڕەوتێکی تازە وشۆڕشگێرانەی بەناوی مارکسیزمی شۆڕشگێڕەوە شکڵ پێداو لێرەشەوە مارکسیزمی لەبیرو بۆچون و سونەتە سیاسیە بۆرژوازیەکان، پاک کردەوە و سەرلەنوی کۆمۆنیزمی مارکس ژیاندەوە.

مەنسورحیکمەت بەرەخنەگرتن لەپۆپۆلیزم وبوژاندنەوەی سونەتە پراتیکیەکانی کۆمۆنیزمی مارکس لەبوارەکانی تیۆرو سیاسەت، تەبلیغ و ڕیکخستنی حزبی، بنەما و ئسولەکانی تاکتیک وستراتیژی کۆمۆنیستی، ڕۆشنگەری سیاسی و فەرهەنگی مۆدێرن و ئینسانی.. توانی دەورەیەک لەخەباتی کۆمۆنیستەکان، بە شکڵدان بە قوتبێکی کۆمۆنیستی لە ئێراندا و بەپێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئیران بەسەرەنجام بگەیەنێت.

کارو هەڵسورانەکانی مەنسور حیکمەت پاش تەواوبوونی سەردەمی شۆڕش ئەوی وەک یەکێک لە ناسراوترین کەسایەتیەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەدژی جمهوری ئیسلامی ئیران جێخست.

لەیەک وتەدا ئەتوانین ڕاشکاوانە بڵێین کە بەبێ مەنسورحیکمەت بزوتنەوەی چەپ لەئێران وبگرە ناوچەکەش لە چوارچێوەی چەپێکی سەرگەردانی پۆپۆلیستی، نەتەوەچێتی وتێکەڵ بەسونەت وباوەڕی بۆرژوازی ودواکەوتوانەدا دەمایەوە وکۆمۆنیزمی جێگای واقعی خۆی وەک بزوتنەوەیەک بۆڕزگاری کرێکاران و کۆمەلگا لەچەوسانەوەی کاری بەکرێ وهەموو ئەو ستەمەو نابەرابەریانەی یەخەی بە ئینسانی کارگەرو زەحمەتکێش گرتوە بەدەست نەدەهێنا وکۆمۆنیزمی چینی کرێکار لەژێر تەپوتۆز وکاریگەریەکانی ڕەوتە ڕەنگاوڕەنگەکانی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی ڕزگاری نەدەبوو.

مەنسور حیکمەت کەسایەتیەکە کەتوانی بەخەباتی خۆی وباوەڕەکانی ئاڵوگۆڕێکی قوڵ لەدید و پراتیکی نەوەیەک لەکۆمونیستەکان وکرێکارانی کۆمۆنیست لەئێرانو عێراقدا پێکبهێنێت. ئەو بەشێوەیەکی داهێنەرانە و زاڵ بەسەر باوەڕەکانی مارکسدا، مەسەلەکانی سەردەم و دونیای خستە بەر ڕەخنەوە و ئاڵوگۆڕە سیاسی کۆمەڵایەتیەکانی بەدروست لێکدایەوە وچوە سۆراغی شەڕی سونەتە پراتیکی وسیاسسیەکانەوە وبێڕەحمانە پەردەی لەسەر ئەفکارو ئایدیۆلۆژیای زاڵ بەسەر کۆماڵگادا هەڵداو لێرەشەوە بزوتنەوەی کۆمۆنیزمێکی کرێکاری ڕێک خست وبەرامبەر بەدەسەلاتو گشت بالەکانی

---

## درێژەی .. با پێکەوە لەدژی لەشکرکێشی وداگیرکاری تورکیا بوەستینەوە!

نارەزایەتی بەرێبخرێ و یەخەی تورکیا بگیرێ. لە دەرەوەی کوردستانیش پێویستە بەردەم باڵوێزخانەکانی بگیرێ و نەهێلرێ درێژە بەو داگیرکاریەی بدات. مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە تورکیا بە بەرچاوی ئەمریکا و ئەوروپا و خودی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەمە ئەکات و کەسیش پێی نالێ بەری چاوت کلی پێوەیە. پێویستە یەخەی ئەوانیش بگرین نەهێلین هەروا بێ بدەنگ بمێننەوە. ئاخر مایەی شەرم و ڕسواییە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان چاوی لێ نوقاندووە، لەکاتێکدا مێشکی سەری خەڵکی بە مافی مرۆڤ بردووە! تەنانەت حکومەتی عێراقیش بەراستی سیاسەتێکی ڕسوایانە و شەرمنۆکانەی گرتۆتە بەر، ئاخر بە پێی چ پێوانەیەک قبوڵی کردووە کە ولاتێکی تر بێتە ناو ولاتەکەیەوە و بۆمباران بکات و بە ئارەزوی خۆی ناوچە داگیربکات و ناوچە بۆ خۆی جیابکاتەوە؟ بە هەمان شێوە پارتیش کە ئەم سیاسەتی هاوکاری و پێشلەشکریەی بۆ دەوڵەتی تورکیا گرتۆتە بەر ئەبێ بکەوێتە بەردەم نەفرەت و ڕسواکردنەوە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە. مافی ئەوەی نییە کوردستان ڕاپێچی شەڕی ئەحزابی قەومی بکات و خەڵک بە کوشت بدات.

خەڵکی کوردستان لە برسێتی و نائەمنکردن و سەرکوتێک کە ئەحزابی دەسەلاتدار و بەتایبەتیش پارتی سەپاندوویەتی کەمیان نییە، تاکو ئەم لەشکرێکشی و داگیرکاری و شەڕ و ئاشوبەشی بێتە سەر. مەسەلەی پاشکەشەکردن بە تورکیا و دەستهەڵگرتن لە داگیرکاری مەسەلەی خەڵک خۆیەتی و وەک بینراو و سەلماوە بە هیچ جۆرێک هی پارتی نەبووە و نییە. پارتی کە خۆی بەلایەکە بەسەر سەری خەڵکەوە، ئەم خۆشخزمەتیکردنەشی بەلای تر زیاد ئەکات. هەربۆیە مەسەلەی ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵکی و پارێزراوبوونیان لە هەر شەڕ و لەشکرکێشیەک ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە خەباتی خەڵکەوە بۆ وەلاندنی پارتی و تەواوی دەسەلاتی بۆرژوازی کورد. ئەگەر خەڵک بە ئیرادەی خۆی دەسەلاتی ئەمانە وەلانێ و لەجێیدا دەسەلاتێکی بنیاتنراو لەسەر بنەمای دەخاڵەتی ڕاستەوخۆ و ئیرادەی خەڵک دامەزرێ، ئەو کات ئەتوانێ پێش بە داگیرکاری تورکیا یان هەر ولاتێکی تر بگرێ.

☆

# درێژەی .. تەمەنێکی کورت، بەڵام پڕ دەستکەوت!

بۆرژوازی سەربەرزانە رایگرت.

مەنسور حیکمەت، ناوی ئەسڵی خۆی "ژۆبین ڕازانی"یە ولە ٤ ی مانگی جون/ حوزەیرانی ساڵی ١٩٥١ لە شاری تاران لەدایک بووە وهەر لەم شارەش قۆناغەکانی سەرەتییو ناوەندی تەواوکردوە وپاشان خوێندنی لەدواناوەندی ئەلبورز تەواوکردووە. دواتر بۆ خوێندن لەبەشی ئابوریدا چۆتە شاری شیراز ولەزانکۆی ئەم شارە درێژەی بەخوێندناوە. دوای تەواوکردنی زانکۆ وبەدەستهێنانی بڕوانامە لەبەشی ئابوریدا، ڕودەکاتە بەریتانیا ولە"زانکۆی کانت" درێژە بەخوێندن دەدات، بەڵام بەدوای ئاڵوگۆڕ لەدۆخی سیاسی ئیران و سەرهەڵدانی شۆڕشدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئیران و ئیتر بۆ هەتاهەتایە دەستبەرداری خوێندن دەبێ وتادوا ساتەکانی تەمەنی لەمەیدانی خەباتی کۆمۆنیستی وڕزگاری کرێکاراندا دەمێنێتەوە.

مەنسور حیکمەت ساڵی ١٩٧٩ سەرەتای تێهەڵچون وخەباتی بەکردەوەی کۆمۆنیستی لەپەیوەند بەشۆڕشێکی گەورەو مەزنەوە دەست پێدەکات ولەگەڵ چەند هاورییەکیدا "گروپی سەهەند" پێکدەهێنێ ویەکەمین نوسراو بەناوی "شۆڕشی ئیران و ڕۆڵی پرۆلێتاریا، هێڵە گشتیەکان" بلاودەکاتەوە. پاشان "گروپی سەهەند لەجەرگەی خەباتی تیۆری و سیاسی خۆیدا لەدژی پۆپۆلیزم و ڕێکخراوە چەپەکانی خەتی سێهەمە، ڕێکخراوی "یەکیەتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست" پێکدەهێنن و توانیان ڕەوتێکی تازەی مارکسیزم بەڕێ بخەن. مەهدی شامحەمەد وحەمیدی تەقوایی، غولامی کەشاورز، فەرهادی بەشارەت، خەسرەوی داوەر، ئیرەجی ئازەرین، ئازەری ماجدی، ڕەزا موقەدەم، ناسری جاوید و.. چەندانیتر لەکەسایەتییە بەرجەستەکانی نیو ئەم ڕەوتە تازەیە بوون کەدواتر بەسەدان هەڵسوراو و کەسایەتی تری پێوە پەیوەست بوو. پاشان یەکیەتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست گۆڤارێکی تیۆری سیاسی بەناوی"بەرەو سۆشیالیزم" دەرکردو گرنگترین ئەو نوسراوانەی کەلەم دەورەیەدا ڕۆڵیان گێرا بلاوکردەوە. بەشی زۆری ئەو نوسراوانە بەقەلەمی مەنسور حیکمەت وەیا بەهاوبەشی لەگەڵ هاوڕیکانیدا نوسراون ، لەوانە: " ئەفسانەی بۆرژوازی میللی و پێشکەتن خواز"، " شێوازی هەلویستگرتن لەئەحزابی بۆرژوازی"،"دوبالی دژە شۆڕشی بۆرژوا ئەمپریالیستی.."، " جەوهەری نەداری وهەستانەوەی سەرلەنوێی شۆڕش"، "سەرنجێک لەسەر تیۆەری قەیرانی ئابوری مارکسیستی"، " کۆمۆنیستەکان ومەسەلەی زەوی لەئێران"، "ڕەزمەندەگان و ڕای کارگەر، کێشە لەسەر سۆشیالیزمی خەڵقی"، " دەربارەی کودەتا"، " پلاتفۆرمێک دەربارەی جەنگی ئیران وعێراق"، "جەنگی تێۆەری وتیۆەری و جەنگ".. وە دەیان بابەتی تر .. سەرەنجام یەکیەتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست توانی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ببەستێ وهاوکات هەموئەو گروپو دەستانەی کەلەڕێکخراوە چەپەکانەوە، لەژێر کاریگەری ڕەخنەکانی ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێردا جیابوونەوە، کۆبکاتەوە وهەمویان پێکەوە بەرەو پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئیران هەنگاو هەڵبگرن.

پێداگری مەنسور حیکمەت لەم دەورەیەدا لەسەر پێویستی چینی کرێکاری ئیران بە یەک سیاسەت و ڕێبازی چینایەتی سەربەخۆ، ئەوی بە خەباتگێڕێکی سەرسەختی پێویستی پێکهێنانی خێرای حزب وکارکردن بەشێوەی حزبی هێنابوە مەیدانەوە ولەم ڕاستایەشدا شانبەشانی هاوڕیکانی بێپەروا تێکۆشا بۆ لابردنی هەموو ئەو بەربەستە فکری و سیاسیانەی سەر ڕێگای پێکهێنانی حزبێکی شۆڕشگێری کۆمۆنیستی ولەئاکامیشدا ئەم ئامانجە بەکردەوە دەرهات. بەتایبەتیش دوای ئامادەکردنی پێشنوسی بەرنامەی حزب ورەخنە لەپراتیکی پۆپۆلیستی تونرا حزبی کۆمۆنیستی ئیران لە مانگی سێپتەمبەری ١٩٨٣دا پێک بێت و وەک جەمسەرێکی کۆمۆنیستی رادیکاڵ ومارکسیستی شۆڕشگێر، چ لەئیران و چ لەناوچەکەدا جێگە بگرێت. لەم دەورەیەدا مەنسورحیکمەت لەنوسینی بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی ئەم حزبەدا بەشداری سەرەکی وچالاکانەی هەبووە و هاوکات چەندین وتارو نوسراوەی سیاسی نوسیوە.

لەسەردەمی دوای دەستبەکاربوونی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا مەنسور حیکمەت دروشمی "ئازادی و یەکسانی حکومەتی کارگەری" وەک یەکێک لەداهێنانەکانی ئەو، کردە ئالای ئەم حزبەو خەباتەکەی، پاشان ڕوکردنە مەیدانی کار لەناوکرێکارانو وخەبات بۆ بەهێزکردنی ڕەوتی کۆمۆنیستی وڕێکخستنی حزبی و جەماوەری لەنیو کرێکاراندا وسەرەنجام لێهەڵپێکانی خەباتی کۆمۆنستیو کرێکاری وراکێشانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ نیو کرێکاران وخەباتەکەیان، لەپاڵ خەبات بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کردە مەشغەلەو مەسەلەی سەرەکی خۆی وحزبەکەی.

هەروەها لەمیدانی خەباتی چەکداری لەکوردستانی ئێران و ڕۆڵی کۆمەلە لەخەباتی زەحمەتکێشانی کوردستان ولەبەرامبەر کێشەی نەتەوایەتیدا، ئالوگۆڕێکی قوڵی لەشێوەی خەبات وبیرکردنەوەو ڕێبازی سیاسی وستراتیژی کۆمەلەدا، وەک کۆمەلەیەکی کۆمۆنیست وبەشێک لەچینی کرێکاری کوردستان پێکهێنا ولەسونەتو باوەرو سیاسەتی ناسیونالیزمی کورد جیای کردەوە.

مەنسور حیکەمەت لەئاستی سیاسەت لەئیراندا ⟸

## درێژەی.. تەمەنێکی کورت، بەڵام پڕ دەستکەوت!

بەراوەستانە وە بەرامبەر بە رژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ونوینەرایەتی کردنی سنگەری سەربەخۆی چینی کرێکار ورەخنەی بێرەحمانەی لە ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی.. وبەکارکردن لەگەڵیک مەیدانی تردا، ئالای شۆڕشی کرێکاری بەرز راگرت ولەم راستایەشدا چەندین نوسراوی گرنگ وپێویستی نوسیوە کە تائیستاش سەرچاوەن بۆ هەلسورانی هەر حزبێکی کۆمۆنیستی.. هەرلەم دەورەیەدا مەنسور حیکمەت بەشدار وڕێکخەری چەندین سمیناراتی فکریو سیاسی بوە کەدواتر بەشێکیان بەشێوەی نوسراوەو کتێب چاپ کراون، لەوانە: دەوڵەت لەسەردەمانی شۆڕشدا"، "ئاناتۆمی لیبرالیزمی چەپ"، "لەبارەی کاری بەرهەمهێنان و نابەرهەمهێنی مارکسەوە"، "دەربارەی تێزی شۆشیالیزم لەیەک ولاتدا"، "هەلسورانی حزب لەدەرەوەی ولات"..

لە دەورەیەکدا کە جەنگی ئیران وعێراق توند دەبێتەوە و هەروەها لەپەیوەند بەئاڵوگۆڕەکان لەدۆخی سیاسی ئێران و ناوچەکەدا، ڕەوتی سنتەرو ناسیونالیزم لەدەرونی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا سەرهەڵدەدات، لەلایەکی ترەوە پێداگری مەنسورحیکمەت لەسەر باسی گەرانەوەی کۆمۆنیزم بۆ پایەی کۆمەلایەتی خۆی کەچینی کرێکارو خەباتی چینایەتی ئەم چینەیە لەدژی نیزمی سەرمایەداری، ناکۆکی و جیاوازیە سیاسیەکان دەردەکەون ولەئەنجامدا فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە بەشداری لەگەڵ ڕەزا مقدم، کورشی مودەرسی، ئیرەجی ئازەرینـدا رادەگەیەنێت.. بەدوای پاشەکشەو روخانی بلۆکی سۆڤیەت و ڕۆچونی جیهان بۆ ژێر سایەی سیاسەتو ئیستراتیژی تازەی ئەمریکا ودەولەتانی ڕۆژئاوا، ئینجا سەرهەلدانی جەنگی یەکەمی کەنـدوا ورووداوە ناوخۆییەکانی ساڵی ١٩٩١ لەعێراق وکوردستاندا، فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری دوای یەک دەورە لەخەباتی سیاسی و نەزەری جیاوبونەوەی خۆی لەحزبی کۆمۆنیست راگەیاند وپاشان مەنسورحیکمەت لەگەڵ هاورێکانیدا دەستیان برد بۆ پێکهیانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری.. ئەویش لەدورەیەکدا کە بەهۆی ڕوخانی بلۆکی شەرقەوە، لەلایەن باڵی راستی بۆرژوا ئەمپاریالیستیەوە، مەرگی کۆمۆنیزم راگەیەندرا و لێرەشەوە پەلامارێکی گەورەو فراوانی جیهانی، بۆ سەر کۆمۆنیزم ئازادیخوازی بەرپخرا.

مەنسور حیکمەت لەدەورەی فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، لەڕوی سیاسی و وتیۆریەوە پایەکانی کۆمۆنیزمێکی کۆمەلایەتی و چینایەتی کرێکاری دامەزراند، نوسراوەکانی "جیاوازیەکانمان"، " هێڵە سەرەکیەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزمونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤیێت"، "بنەماکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری"، "کۆمۆنیزمی کرێکاری وهەلسوران لەکوردستان"، "ئەندامێتی کرێکاری"، "هەلومەرجی نیونەتەوەیی و جێگای کۆمۆنیزم"، "ئاڵوگۆڕەکانی ئەورووپای شەرقی وکۆمۆنیزمی کرێکاری"، "کاری هەرزان و کرێکاری خامۆش"، " جەنگ لەرۆژهەلاتی ناوەراست و لێکدانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری"، "ناسیونالیزمی کوردو رووداوەکانی کوردستانی عێراق"، "تەنها یەک هەنگاو بۆ دواوە".....ئەمانە و چەندین باسی تر.

مەنسور حیکەمەت بە پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران، کۆمۆنیزمی بەیەکێک لە هێزە کاریگەر وناسراوەکانی ئۆپۆسیۆن لەبەرامبەر جمهوری ئیسلامی ئێراندا جێگیر کرد، هەروەها کۆمۆنیزمی کردە رەوتێکی خەباتکارانە کەلەسەر پایەکانی کۆمۆنیزمی مارکس وچینی کرێکار لەدژی نیزامی سەرمایەداری و بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەلایەتی کرێکاران، خەبات بکا وسونەت و خەسلەتە خەباتکارەکانی ئەم رەوتەی لەزۆر رووەوە ناساندو جێگیر کرد.

"بەرنامەی دونیایەکی باشتر"، کەلەبەرئەنجامی خەباتێکی سیاسی و تیوەریدا بەدەست هات، یەکێک لەدەستکەوتە گرنگەکانی کاری ئەوە. هەروەها باسەکانی، وەک "مارکسیزم و جیهانی ئەمرۆ"، "ئاسۆکان و پایەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری"، "دیموکراسی، لێکدانەوەکان و واقعیەت"، "ناسیونالیزم و نەتەوەو بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری"، "بنەماکانی ڕێکخستنی کۆمۆنیستی"، "سیناریۆی سپی و سیناریۆی رەش"، "لەبارەی منال لەباربردنەوە"، "مافەکانی منالان ومەسەلەی پەنابەری"، "حزب وکۆمەلگا"، "حزب ودەسەلاتی سیاسی"، "هەلکشان وداشکانی ئیسلامی سیاسی"، "دەربارەی کێشەی فەلەستین"، "بەرگریکردن لەخواستی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق"، "مەسەلەی ژن لەبەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکارایە"، "ئایا کۆمۆنیزم لەئێران ئەتوانێ سەرکەوێت".. گەلێک باسی تر، کەهەمویان دەستکەوتی پڕبەهای سیاسیو فیکری بۆ جولانەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری لەدونیادا بەجێ هیشتوە.

دوایین باسی مەنسور حیکمەت تایبەت بوو بە رووداوەکانی ١١ی سیپتمبەر وجەنگی دوو جەمسەری تیرۆریستی..

بەلام مەنسور حیکمەت جگەلەکارە سیاسی و فیکریەکانی لەمەیدانی عەمەلی و رابەریدا، سیاسەتمەدارو هەڵسوراوێکی کارامەو ماندونەناس بووە. ئەو لەمەیدانی جۆراو جۆری خەباتی کۆمۆنیستی و کۆمەلایەتیدا چەندین پرۆژی بەرپخست وبەدەیان هەڵسوراو بوونە چالاکوانی.. لەوانە: "کەمپینی هاوپشتی جیهانی کرێکاری لەگەڵ کرێکارانی ئێراندا"، پرۆژی " فیدراسیۆنی پەنابەران"،

# سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق

## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە



**ئۆکتۆبەر : هاوڕێ خسرەو وەکو ئاگادارن بڕیارە مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ هەڵبژاردنی پێشوەخت لە عێراق بەڕێوەبچێت. بێگومان هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لەو پرۆسەیەو هەر لەئێستاوە هێزەکانی بۆرژوازی کورد بە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەوە دەیانەوێ کەشوهەوای سیاسی کوردستان بۆ ئەو ڕوداوە ئامادەبکەن. دەمانەوێ بپرسین کە ئامانجی گشتی لەم هەڵبژاردنە چییەو لە چ هەلومەرجێکی سیاسیدا بەڕێوەدەچێت؟ تایبەتمەندی ئەم هەڵبژاردنە بۆ دەسەڵات و خەڵک چیە؟**

**خەسرەو سایە:** ئەگەر لەبەشی ئاخری پرسیارەکەتانەوە دەست پێبکەم، دەبێ بڵێم سەرەکی ترین تایبەتمەندی ئەم هەڵبژاردنە، وەک ئەوەی کەدەڵێن "هەڵبژاردنێکی پێشوەختە"یە، ئەوەیە کە هەڵبژاردنێکی نۆرماڵ نیە کەلە دوای تێپەڕبونی دەورەیەکی ٤ساڵەی لەسەرکاربونی حکومەتێکی نۆرماڵدا بۆ دوبارە تشکیل دانەوەی حکومەت هاتبێتە ئاراوە، بەڵکو ئەم هەڵبژاردنە لەسەر زەمینەی قەیرانێکی حکومەتی و هاتنەمەیدانی جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێرانەی جەماوەری هاتوتە ئاراوە کە حکومەتەکەی عادل عەبدول مەهدی لەکارخست و پاشان چینی دەسەڵاتدارو حزبەکانی پاش هەوڵدانێکی زۆر و ڕێکنەکەوتنی چەند جارەیان لەسەر دانانی کاندیدێک بۆ سەرۆک وەزیران، نەیانتوانی حکومەت تەشکیل بدەن تا لەئەنجامدا بازەکە بەسەر کازمیەوە نیشتەوە. کەوایە سەرەکیترین تایبەتمەندی ئەم هەڵبژاردنە بۆ چینی بۆرژوازی ئەوەیە کەحزبە قەومی و ئیسلامیەکان بە پشتیوانی ئەمریکاو ئەوروپا و نەتەوەیەکگرتوەکان، دەیانەویت، بۆشایی دەسەڵات پڕ بکەنەوە و "ڕای هاوڵاتیان" بکەنە مۆری شەرعیەت پێدانەوە بەو دەسەڵات و سیستەمە قەومی و ئیسلامی و تیرەگەریەی کە نزیک بە دوودەهەیە هۆکاری ئەو دۆخەیە کە ژیانی خەڵکی عێراقی هاریوە. لەیەک وتەدا ئەم هەڵبژاردنە لەڕوانگەی چینی بۆرژوازی و حزب و ڕەوتەکانیەوە، بۆ ئەوەیە کەدەسەڵات و سیستەمی سەرمایەداری و حکومڕانی لەو قەیرانە دەرباز بکەن کەتێی کەوتووە وداوتریش حکومەتێک بێننەکایەوە کە "ڕای خەڵک" ی لەپشت بێ و لەئەنجامی" سندوقەکانی دەنگدانەوە" هاتبێتە سەرکار، بەمجۆرەش ڕای خەڵک وەک مۆری شەرعیەتدانەوە بەخۆیان و دەسەڵات و سیستەمەکەیان بەدەستەوەبگرن.

لەڕوانگەی خەڵکیشەوە سەرەکیترین تایبەتمەندی ئەم هەڵبژاردنە ئەوەیە کە ناڕەزایەتیەکانیان لەمەیداندایە، واتە جوڵانەوەی ئۆکتۆبەر وساحەی تەحریر،

## درێژەی .. تەمەنێکی کورت، بەڵام پڕ دەستکەوت!

" مناڵان یەکەمینن"، پرۆژەی گۆڤاری میدۆسا- ژن وسۆسیالیزم"، ئەنجومەنی مارکس" هەروەها دەیان سمینارو سەدان وتاری لەبواری جۆراوجۆردا نوسیوەو بلاوکردۆتەوە... یەکێک لە پرۆژە هەر گرنگە سیاسیەکان کە ئەو ڕاستەوخۆ ڕۆڵی تیا هەبووە پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقە.

بەداخەوە، فیکری تیژبینی و جەستەی ماندونەناس و پڕکاری ئەو لەتەمەنی ٥١ ساڵیدا بەدوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجەدا لەچالاکی کەوت وجێی هێشتین و لەگۆڕستانی هایگەیت لەبەرامبەر ئارامگای مارکسدا، بەخاک سپێردراوە ..

بێگومان بەرهەمی زیاتر لە ٢٥ ساڵ لەخەبات و تێکۆشانی ماندونەناسانەی مەنسور حیکمەت لەمەیدانەکانی، کاری تیوەری، ڕێکخستن وڕابەری سیاسی، کارلەئاستی جوڵانەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریدا، هەرگیز ناتوانرێ لەنوسینێکی ئاوادا هەموو لایەنەکان و دەرس و دەستکەوتەکانی باس بکرێ وبخرێتەڕوو.

بەداخەوە ئەو تەمەنێکی کەم ژیا، بەڵام ژیانێکی پڕدەستکەوتی بەرێکرد ومیراتێکی گەرەو پڕ بەرهەمی بۆ جوڵانەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری لەدونیادا بەجێهێشتوە، یادی ئەو هەمیشە زیندوە وتاکاتێک هەژاریو نەداری، بێکاریو نایەکسانی لەدونیادا بمێنێ، بونی مەنسورحیکمەتو باوەرەکانی، سیاسەتو سونەتی خەباتکارانەکەی دەبێتە مەشخەڵی ڕێبازی هەلسوراوانی کۆمۆنیست و کرێکاری و خباتگێرانی ڕیگای ئازادی و سۆشیالیزم..

بەرزو بەرێزبێت یادی مەنسور حیکمەت..

**بژی ئازادی یەکسانی**

**حکومەتی کرێکاری**

**ئامادەکردنی ڕادیۆ پێشەنگ**

**١/٦/٢٠٢١**

★

## پاشماوەی .. سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق .. گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە

کەحکومەتەکەی عادل عەبدول مەهدی بەشکستدا کێشا، سەرەڕای دۆخی کرۆناو سەرکوتگەری هێزە میلیشیایی و پۆلییسیەکانی دەسەڵاتداران، بەلام بەردەوام بەشێوەی جۆراوجۆر و بە ئاستی جیاجیا لەم یان لەوشار درێژەی هەیەو بەهەر نارۆشنی و نائامادەییەکەوە کەهەیبێت، هاواردەکات کەئەم دەسەڵاتەی قەبول نییەو دەبێ بڕوات.. کەوایە ئەم هەڵبژرادنە لە فەزایەکدا سازدەدرێ کە بەهیچ پێوانەیەک ناتوانرێت بخرێتە خانەی "هەلبژاردنێکی ئازاد وقانونی" یەوە، تا هاوڵاتیانی کوردستان و عێراق لەڕوانگەی ماف و ئازادی دەنگدانەوە بۆی بڕوانن. بەواتایەکی تر گێژاویکی سیاسی و قەیرانێکی حکومەتی کەیەخەی بەدەسەڵاتداران هەم لەعێراق وهەم لەکوردستان گرتوە، پێمان دەلێت کەچینی دەسەڵاتدار لەپشتی سیناریۆی هەڵبژاردنەوە کەوتۆتە شوێنی سازدانەوەو شەرعیەت دانەوە بەدەسەلات و سیستەمێک کە لەبنبەست و بێ ئاسۆییدا چەقیوە. ئەمڕۆ هەر کارگەرو زەحمەتکێشێکی بەئاگا، هەم لەعێراق وهەم لەکوردستان، کە گیرۆدەی نەبونی نان و کارو خزمەتگوزاریە، کە گیرۆدەی سەرکوت و نائارامی و بێدەرەتانیە، لە ناکۆکی نیوان حزبەکان و ڕەوتە سونی و شیعیەکان، لەکێشەی نیوان هەرێم وبەغدا، لەبارگرژیەکانی نیوان یەکیەتی وپارتی، لە لەرزۆکی دەسەڵات لەهەرێم تێدەگات و ئاسەووارەکانی ئەم دۆخە لەمس دەکات و دەزانێت کە ئەم هەڵبژاردنە بۆ دوبارەسازدانەوەی دەسەڵاتە بۆ دابەشکردنەوەی سامان و دەسەڵاتە لەنێوان ڕیزێک لەئەحزابی قەومی و ئیسلامی و تایەفەگەریدا.. بەدڵنیایەوە هەڵبژاردنێکی ئاواش نەک پەیوەندی بەبەرژەوەندیەکانی خەڵکی کارگەرو زەحمەتکێشەوە نییە، بەڵکو ڕێک لەدژی خواست و ئومێدو هیواکانی ئەوانە و ڕاستەوخۆش بۆ بەلاڕێدابردنی ڕەوتی خەباتێکی چینایەتی کارگەرو زەحمەتکێشی کۆمەڵگایە، چ لەعێراق وچ لەکوردستان، کەیەخەی بەچینی دەسەڵاتدارو حکومەتەکەی گرتوە.

**ئۆکتۆبەر: بەڕای ئێوە ئامانجی هێزو حزبەکانی کوردستان لەم پرۆسەیە چیەو تا چ ڕادەیەک پرسی یەکریزی کە حزبەکانی بۆرژوازی کورد بانگەشەی بۆدەکەن پەیوەندە بەم پرۆسەیەوە؟**

**خەسرەوسایە:** باسی "یەکڕیزی کورد" هەمیشە دروشمێک بووە بەدەست حزبی باڵادەستەوە، ئەویش لەدۆخێکی سیاسی هەستیاردا کەچینی دەسەڵاتدار تێی کەوتوە، بەتایبەتی لەکاتێکدا کەتەنگانەو قەیرانی سیاسی هاتۆتە ئاراوە. بەڵام ئەمجارە پارتی کەوتۆتە پێشی قافڵەکەوە و بەشیعاری "یەکڕیزی کوردەوە" دەیەوێت هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق بکاتە ڕێگای دەرباز بوون لەو بنبەست و شکستەی کە حکومەتەکەی تێیکەوتووە. پارتی دەزانێت کە کابینەی حکومەتەکەی بەو تەرکیبە هاوبەشەیەوە لەگەڵ یەکیەتی و گۆڕاندا لەرزۆکە و ئەگەری ئەوە هەیە کە لێکبترازێت. هەروەها دەزانێت کە ناکارامەیی حکومەت لەوەڵامدانەوە بەکێشەو گرفتەکانی ژیان وبژێوی هاوڵاتیان، فرسەتی داوە بەحزبەکانی تر بەناوی "ئۆپۆزسیۆنەوە" لێی بخوێنن ودۆخەکەی لێ ئاڵۆز بکەن، بۆیە دەست بۆ هەر پەتێک دەبات تا لەم گێژاو تەنگانەیەی کە دەسەڵاتەکەی پێی گیرۆدەیە، دەرباز ببێت. لەم پەیوەندەدا هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی عێراق، باشترین بابەتی تەبلیغاتیە بۆ گەرمکردنەوەی باوبژی نەتەوەچێتی وقەومی، لەجۆری ئەوەی "پێگەی کورد لەبەغدا بەهێزبکەین"،"بەرژەوەندی و مافی کورد لەبەغدا بەدەست بهێنین"،"ئیستحاقاتە دەستوریەکانی کورد زامن بکەین".. تا بەهۆیەوە هەم خەڵک رابکێشنە نێو تەڵەی هەڵبژاردنەوە و هەم لەڕیگای"یەکڕیزی حزبەکانەوە" ڕەوتی خەباتی جەماوەری لەدژی دەسەڵات بەرەو بازاڕی هەڵبژرادن بەرن، کە ئاکامەکەی جگەلە بردنەوەی کورسیەکانی پەرلەمان و بەدەست هێنانی پلە وپۆست لەحکومەتی داهاتودا شتێکی ترنیە.

بەڵام ئامانجی پارتی لەم هەڵبژرادنەدا، لەلایەک بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کەبەهۆی ستراتیژی ئابوری سەربەخۆ و ڕیفراندۆمەوە توشی دابرانێکی کردبوو لەگەڵ هێزو لایەنە عیراقیەکاندا، وە لەلایەکی ترەوە بۆ قایمکردنی پێگەی خۆی لەعێراقدا تا لەسایەو سێبەریدا باڵادەستی خۆی لەکوردستاندا رابگرێ و دەستی ئەو هێزە ببەستێت کە بەپشتیوانی بەغدا، بتوانێت ١٦ی ئۆکتۆبەرێکی تر دوبارە بکاتەوە. هەڵبژاردن بۆ یەکیەتی و حزبەکانی تریش لەکوردستان، لەگەڵ ئەوەدا بۆ ئەوەیە کەدوای هەڵبژاردن بەپێ "ئیستحقاقاتی ئینتخابات" ئیمتیازات و پلەو پۆست و پێگە لەحکومەتی داهاتودا مسۆگەر بکەن، بەلام ئەم هەلبژرادنە پێشوەختەیە لەبنەرەتەوە بۆ یەکیەتی وحزبەکانی تر بۆ راگرتنی باڵانسە لەبەرامبەر پارتیدا. بەمجۆرەش ئەم هەڵبژاردنە بۆتە مونافەسەیەکی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازات و خۆسەپاندنیان بەسەر پارتیدا. بەلام ئەوەی کە هەموو حزبەکان تێیدا هاوبەشن، بەخودی پارتیشەوە، ئەوەیە کە دەیانەوێت بەناوی "کوردبون" و"پێگەی کورد لەبەغدا" و"بەرژەوەندی کورد"ەوە جەماوەر فریوبدەن و بیانکێشنە بەردەم سندوقەکانی دەنگدانەوە ودواتریش هەرئەو دۆخەی کەئیستا لەکوردستاندا هەیە، درێژە پێبدەنەوەو بەسەرخەڵکدا دایسەپێننەوە.

لەیەک وتەدا ئەم هەڵبژاردنە، بەقەد سەرەدەرزیەک پەیوەندی بەخواستەکانی خەلک و باشبونی ژیان وگوزەرانی خەلکەوە نیە و هیچ

## پاشماوەی .. سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق .. گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە

ئاڵوگۆڕێک لەمبارەوە بەدی نایەت، بەڵکو ئەمە سیناریۆیەکە کە بۆرژوازی کوردو حزبەکانی دەیانەوێت "رای خەڵک"ی بۆ بکەنە وەسیلەیەک تا شەرعیەت بدەنەوە بەحکومەتە دارزیوەکەی عێراق و لەژێر سایەیدا هەمان ئەو پەیوەندیە لەرزۆکەی کەلەنیوان هەرێم وبەغدادا هەیە، درێژە پێبدەنەوە.

**ئۆکتۆبەر: بەبڕوای ئێوە، دوای خرۆشانە جەماوەریەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ ی عێراق و هەروەها بەشداری نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنی پێشوودا، چ خوێندنەوەیەکتان هەیەو هەڵوێستی دروست بەرامبەر بە هەڵبژاردن چیە؟**

**خەسرەو سایە:** ئەگەر ئەو لێکدانەوانەی کەلەوەڵامی پرسیارەکانی پێشودا لەبەرچاوبگرین، ئەوا حزبی ئێمە و ڕێکخراوە کرێکاریەکان ورابەرانی بزوتنەوە جەماوەریەکان، لەبەرامبەر ئەو پرسیارەدا نین کە ئایا بەشداری بکەین یان نا؟ تەنانەت پێوانەش بۆ هەڵوێستگرتن لەم هەڵبژاردنە، ئەوە نیە کە تا چەند" هەڵبژرادنێکی قانونی و ئازادانەیە" و ڕیگا دەکاتەوە بۆ بەشداری کردن وەیا نەکردن. هەروەک پێشوتر ئاماژەم پێدا کەئەم هەڵبژرادنە پێشوەختەیە و بۆ گۆڕینی "حکومەتێکی کاتی بۆرژوازی" بە"حکومەتێکی موعتەبەری قانونیە" کە ڕاو دەنگی خەڵکی لەپشت بیت، واتە چینی دەسەڵاتدار وحزبەکانی دەیانەوێت لەپەیوەند بە تەشکیلدانەوەی کابینەی حکومەتی تازەوە، دەسەڵاتەکەیان سازبدەنەوەو لەهاوکێشەیەکی تازەی هێزی نێوانیاندا، جومگەکانی دەسەڵات و پێگەی خۆیان دیاری بکەنەوە، کەدیارە هەڵبژاردن میکانیزمیکە بۆ ئەم کارە وئەمەش لەدەورەیەکدایە کەقەیرانی حکومەتی هەیەو خەڵک لەشەقامدایە و خواستی وەلانانی دەسەڵاتی کردۆتە ئاڵای نارەزایەتیەکانی هەر ڕۆژەی خۆی، بۆیە هەڵوێستگرتن لەم هەڵبژرادنە نە لە وەڵامدانەوەوە بەپرسیاری "بەشداری کردن ونەکردن" بەدەست دێت نە ئەوەی کەخودی بایکۆت کردنی هەڵبژردنەکە، بکرێتە بنەما. بەڵکو هەڵویستی دروست ئەوەیە کەئەم هەڵبژاردنە لەگشتیەتی خۆیدا ڕەت بکرێتەوە و سەردەمانی پڕوپاگەندەی لایەنەکان بۆ هەڵبژاردن، بکریتە مەیدانی هێنانەمەیدانی هەرچی فراوانتری جەماوەر و سازدانی کۆبوونەوەی گشتی جەماوەری لەناوەندەکانی کارو گەڕەکو زانکۆ وشارەکاندا، لەدەوری شیعار وخواستی ڕۆشن. دەبێ هەرلەئیستاوە، لەدژی تەواوی ئەم هەڵبژاردنە درێژە بەجولانەوەی نارەزایەتی مەوجود بدرێ و زیاتر ڕیکخراو وئامانجدارانە بهێندرێتە مەیدانەوە و سەرەنجام یەک بزوتنەوەی سیاسی شۆڕشگێرانەی جەماوەری لەدژی سەرتاپای دەسەلاتداریێتی بۆرژوازی وسیستەمەکەی چ لەشارەکانی عێراق وچ لەکوردستان بهێندریتەمەیدانەوە و خودی ئەو سیناریو پوچەی گەندەڵکاران ناویان ناوە هەڵبژاردن ڕیسوا بکرێ.

ئەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردنی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش نییە و خەڵکی نارازی بڕیاری وەلانانی دەسەڵاتی داوە، بۆیە دەبێت ئەم هەڵبژاردنە سەراپا ڕەت بکرێتەوە وبەشکستدا بکێشرێت، دەبێ فراوانکردنەوە و توندکردنەوەی نارەزایەتیە جەماوەریەکانی ئیستا و کۆبوونەوە لەدەوری نان وکارو خۆشگوزەرانی، ئەمنیەت و زەمانەتی کۆمەڵایەتی، ببێتە ناوەڕۆکی پلاتفۆرمی عەمەلی ئەم دەورەیە. دەبێ خەڵکی نارازی چاو لەبەدەستەوەگرتنی دەسەڵات ببڕێ و بەفکری هێنانە مەیدانی دەسەڵاتداریێتی خۆیانەوە بن وهەر لەئێستاوە لەخوارەوە سەرەتاکانی ئەم جۆرە دەسەلاتداریێتیە، لەکارگەو زانکۆ ومەیدانەکانی کاردا، لەئاست گەڕەکو شارەکاندا، بەسازدانی کۆبوونەوەی جەماوەری و هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵک و پێکهێنانی شوراو ئەنجومەنەکان.. کۆنترۆڵ وبەڕیوەبردن بەدەستەوە بگرن و شەرعیەت لەم دەسەڵاتە بسەننەوە. دەورەی ئیستا بۆخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، بۆ ژنانو لاوان وئازادیخوازان، مەسەلەکە هەڵبژاردن و بایکۆتکردن نییە، چونکە چینی دەسەڵاتدار بە بەشداریکردنی هەرخۆیان و لایەنگرانی حزبەکانیشیان بێت، تەنانەت ئەگەر بەڕێژەی بەشداری کردنی لە١٪ یش بێت ئەوان بۆشەرعیەت دانەوە بەتاڵانی و بڕۆی ئێستایان هەر ئەم سیناریۆ ڕیسوایەی ناویان ناوە هەڵبژاردن بەڕیوەدەبەن. بەڵکو دەورەی ئیستا خەباتە بۆ ڕزگاربون لەو دۆخەی کەسێ دەهەیە ژیانی خەڵک دەهاڕێت..

☆

**کرێکاران تەنها بەخەباتی یەکگرتوانەی خۆیان دەتوانن دۆخی کار و باری ژیانیان باش بکەن !**

# لە پەراوێزی گریانی منداڵێکی ئاوارەی سوری دا!

موحسین کەریم:

تەلەفزیۆنی ڕوداو چاوپیکەوتنی لەگەڵ منداڵێکی (١١) ساڵانی خەڵکی سوریا دانیشتووی شاری قامشلۆ کرد کە خەریکی کارکردن بوو لە وەرشەیەکی چاکردنەوەی ئۆتۆمبێلدا. بەدەم گریانەوە منداڵەکە باسی سەختی کارەکەی دەکرد و دەیوت کە لەبەر ئازار لە ماڵەوەش ناتوانم پشوو بدەم و هەفتانەش تەنها (١٢٠٠٠) دینار وەردەگرم. ئەم منداڵە ئاوارەی ناوخۆی سوریایەو ناچاربوە شان بداتە بەرە بەخێوکردنی خێزانەکەی کە بەهۆی شەڕەوە ماڵوحاڵیان تێکچووە.

ئەگەرچی شەڕی ناوخۆی سوریا زنجیرەیەک لە کارەساتی مرۆیی ڕوبەڕوی خەڵکەکەی کردۆتەوەو دەیان هەزار هاوڵاتی کوژراوو بریندار بوون و هەزاران ماڵ و قوتابخانەو خەستەخانەو شوێنی گشتی وێران بوون و لەگەڵ زەویدا تەخت کراون، بەڵام هاوکات ملیۆنەها هاوڵاتی ئەو وڵاتەش بەهۆی شەڕەوە ئاوارەبوون کە بەشێکیان ڕوویان لە کوردستانی عێراق و لوبنان و تورکیاو ئوردون کردوەو لە هەلومەرجێکی سەخت و کارەساتبارو هەژاری ڕەهادا ژیان بەسەر دەبەن و ڕوبەڕوی چەندین بێمافی و ستەم و پەراوێزخستن بوونەتەوە. منداڵانی سوریا بەشێکی بەرچاوی قوربانیەکانی ئەم شەڕە نەگریسەی نێوان دەوڵەتی دڕندەو بۆرژوایی ئەسەدو هێزو گروپە ئیسلامیە تیرۆریستەکانی بەناو ئۆپۆزیسیۆنن کە بووەتە مەیدانی دەستێوەردانی دەوڵەتیانی ئیمپریالیستی ئەمریکاو ئەورووپاو ڕوسیا و وڵاتانی ناوچەکەو یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندیەکانی ئەو دەوڵەت و هێزانە لسەر حسابی خوێن و کارەسات و مەینەتەکانی خەڵکی سوریا.

بەڵام ئەگەر شەڕ و کاولکاری سوریا یەکێک بێت لە کارکردە دڕندانەو وەحشیانەکانی بۆرژوازی، ئەوا سەپاندنی ئاسەوارو کاریگەریەکانی شەڕەکە بەسەر خەڵک و منالاندا دیوێکی دیکەی دڕندەیی ئەم سیستەمە دەخاتەڕوو. ئەوەی وایکردوە منالێکی ئاوارە ناچار بەکارکردن بێت، تەنها بەهۆی بارودۆخی جەنگەوە نیە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە ئەو منالە سەر بە خێزانێکی هەژاری سوریایە.. سەر بە خێزانێکە کەهیچ سەرمایەیەکی نیە تا ژیانی خۆی پێ بگوزەرێنێ. ئەو منالە وەکو چۆن دایک و باوکی لەکاتی ئاسایی و نەبوونی جەنگدا ناچاربوون کاربکەن بۆئەوەی بژین، ئێستاش و لە هەلومەرجی جەنگدا ناچارن کاربکەن بۆئەوەی ژیانی مەمرەو مەژییان درێژە پێبدەن، ئەویش ئەگەر شانسیان هەبوو بێت و سەریان بە سەلامەت لەناو بۆردومانی کوێرانەی هێزەکانی شەڕی دڕندانەی بۆرژوازیدا دەربازکردبێت.

گریانی ئەو منالە گریانە بۆ پێگە کۆمەڵایەتیەکەی! ئەو بەهۆی پێگە کۆمەڵایەتیەکەیەوە ناچارە کار بکات. ناچارە کاری سەخت بکات. ناچارە ئازار بکێشێت... تەنها بۆ ١٢هەزار دینار هەفتانە... واتە تەنها بۆ ٢ هەزار دینار ڕۆژانە! بەڵام کاری ئەو سامان بۆ خاوەنکار دروست دەکات. زەحمەتی ئەو.. ئازارەکانی ئەو ...سەرمایە بۆ خاوەنکارەکەی و خاوەن پیشەکەی کەڵەکە دەکات! گریانی ئەو منالە بەڕادەی گریانی منالەکانی ژێر بۆردومانی فڕۆکەکانی ئەسەدو روسیاو ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەئازار و سوێیە! هەردوکیان دەربڕینی هەستێکی نارازیانەی پڕ لە ئازاری مرۆڤن بەرامبەر بە قەدەرێک کە لەلایەن بۆرژوازی و دەوڵەتەکانیەوە بەسەریدا سەپێنراوەو خۆی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریدا نیە!

★

ئۆکتۆبەر

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم

00964(0)770 047 5533

muhsin_km@yahoo.com

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:
عوسمانی حاجی مارف
Mob: 00964(0)7701570050
Email: osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر:
موحسن کەریم
Mob: 00964(0)7700475533
Email: muhsin_km@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە:
دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjaml@gmail.com
نوری بەشیر
Mob: 0044(0)7476204121
Email: nooribashir1@yahoo.com

**بنەمای سۆشیالیزم ئینسانە!**

**بەبێ پەیامی سۆشیالیزم، بەبێ ئومێد بە سۆشیالیزم، بەبێ "مەترسی" سۆشیالیزم دنیا دەبێت بە چ زەلکاوێک!**